# هونەرمەند بڵند عەبدوڵڵا: کـوالیـّتی مـۆسـیقای ئەمـ

**بڵند عەبدوڵڵا یەکێکە لە هونەرمەندە ئەستێرە گەنجەکانی کورد کە ستایلێکی تایبەتی بۆخۆی هەڵبژاردووە و جۆرێک لە نوێگەری لە هونەری کوردی داهێناوە و هەموو لایەک شایەدی ئەوە دەدەن و بەڵگەش ئەو ژمارە زۆرە لە هەوادارانی دەنگی بڵندە، بڵند عەبدوڵڵا ماوەیەکە لە هەولێرە، بۆیە بە پێویستمان زانی لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەن تاکو هەندێک لەو قسەو باسانەی ئێستا دەربارەی دەکرێن بۆ خوێنەران روون بکاتەوە.**

دیمانە/ رۆشنە عومەر



*** ماوەیەکە بێدەنگی، هەست ناکەی کە غەدرێك لە هەوادارانت دەکەی؟**

- ئەو کاتە غەدر لە جەماوەر دەکەم، کە بڕیار بدەم واز لەهونەر و دنیای مۆسیقا و گۆرانی بێنم.

*** پێش چەند ساڵێك کۆنسێرتێکت لە کوردستان کرد و سەرکەوتنێکی باشت بەدەستهێنا، بەنیاز نیت کۆنسێرتی تر بکەی؟**

- تا سیدیەکەم بڵاو نەبێتەوە گۆرانی و ئاوازەکان ئاشنا نەبن بەجەماوەر، بیر لەئە نجامدانی کۆنسێرت ناکەمەوە.

*** ئێستا دوو رای جیا هەیە لەبارەی کۆپیکردن، هەندێك لە هونەرمەندان دەڵێن مافمان خوراوە لەبەر دیاردەی کۆپی، هەندێکی تریش دیاردەی کۆپی بە دیاردەیەکی ئاسایی دادەنێن. دەتوانین بڵێین بڵند لەگەڵ کام رادایە؟**

- دیاردەی کۆپی کردن کارێکی ئاسایی نییە. بەپێچەوانەوە! ئەمە دزییەکی ئاشکرایە لە ئێمە دەکرێت. وەك ئەوە وایە کە تۆ باڵەخانەیەك دروست بکەی کۆمەڵە کەسێکیش بێت دەستی بەسەر دابگرێت و داگیری بکات. بە ئازادی تیادا بژیت تۆش سەیری بکەی. لە هەموو وڵاتێکی جیهاندا ئەم کێشەیە هەیە، بەڵام هەر هەموویان هەوڵیانداوە رزگاریان بێت لەم کێشەیە لەرێگەی سزادانی کۆمەڵێك کەسان و ماڵپەڕی داگرتن و گۆرانی مۆسیقا.

*** بەرای تۆ میوزیك و گۆرانی لە ئێستادا پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە؟**

- بەرای من کە ئاستی کوالێتی مۆسیقا ئەمڕۆ زۆرباشە، بەڵام هەژاری هەیە لە دابەشکردن و لە ئاواز و تێکست. بەس بەگشتی گەشبینم و باوەڕم وایە بەرەو ئاستێکی باشتر دەڕوات.

*** ئایا هونەری گۆرانی و میوزیك پێویستی بە سانسۆر هەیە؟**

- نەخێر، دنیای هونەری کارێکی ئازادە هەر کەسێك سەربەستە کاری تیادا بکات، بەڵام بیرمان نەچێت کەس ناتوانێت بەزۆری یاخود بەهێزی پارە دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێتە ناو ناخ و دەروونی خەڵك. دەرئەنجام خەڵك بڕیار دەدا ئایا ئەمە گۆرانیبێژە و لەم گۆڕەپانە گەورەیەی هونەریە جێگەی دەبێتەوە یان نا.

*** دوایین کاری خانمە هونەرمەند موژدین گۆرانییەك بوو بەناوی "پاداشت" کە تێکست و ئاوازەکەی نوسرابوو بڵند، ئایا تۆکارت بۆ ئەم خانمە کردووە؟**

بڵند عەبدوڵڵا: من لە کۆتایی ساڵی 2005 ئەم گۆرانییەم بۆخۆم دروست کرد و تۆمارم کرد لەگەڵ "پابلۆ پیریز" کە یەکێك بوو لە ئەندامانی گروپە سویدیەکەم. "موژدین" لەڕێگەی هونەرمەند "گۆران کامیل"ـەوە ئارەزووی کردبوو کە پێوەندیم پێوە بکات و من هاوکاری بکەم لە دانانی ئاوازێك لە ستایلی خۆم. منیش وەکو هەموو ئەو هونەرمەندە لاوانەی یارمەتیم داون پێشوازیم لێکرد، چونکە مامۆستا گۆران وتی توانایی دەنگی خراپ نییە. ئیتر ئەوە بوو موژدین گوێی لەو گۆرانییەی من بوو زۆر ئارەزووی کرد ئەم گۆرانییەی پێبدەم. پێم وت ئەمە ئاوازی منە و تێکستەکەی هی کوڕێکی تازە پێگەیشتووە لە هەولێر بەناوی "ڕێدار سابیر" ئەو کاتە ڕێدار سابیر ناوی دەرنەکرد بوو و هەر ئەو کاتە لەڕێگەی فاکس کۆمەڵێك تێکستی بۆ رەوانە کردم لەسەر کاغەز و ئێستاش ماومە کە تیایدا نوسیوویەتی خۆشحاڵە کە یەکێك یان کۆمەڵێك هۆنراوە هەڵبژێرم بیانکەم بە گۆرانی "واتا خۆبەخشانە" ئەوە بوو تێکستێکم لێیان هەڵبژارد. ئەویش گۆرانی "پاداشت" بوو و ئاوازم بۆدانا. بە (موژدین)م وت تۆ تازە پێگەیشتوویت و ئامادەم هاوکاریت بکەم گۆرانییەکەت پێشکەش بکەم و خەرجی ستۆدیۆ و ماندوبوونی پابلۆ لە ئەستۆی تۆدیەا. کە لە ستۆدیۆ بوو لەڕێگەی تەلەفۆن پابلۆ بەموژدینی راگەیاند کە خەرجی ئیشەکەی

# ...ڕۆ زۆر باشە بەڵام لە ئاوازو تێکست هەژاری هەیە

چەندە (موژدین) پارەکەی ڕەوان کرد. ئەمە هەموو ئەو شتانەی باسی لێوە دەکەم ئەنجامدران لەبەهاری ساڵی 2006.

*** ئەی پاشان پێوەندیتان هەبوو؟**

-پاشان کە گۆرانییەکەم دا بە (موژدین) داوای لێکردم کە سیناریۆیەکی بۆدابنێم کلیپە کە لە سوید تۆمار بکات. ئەویش لە ڕێگەی دەرهێنەر "هەردی عومەر" زۆر هاوکاریم کرد ستافی کۆمپارس و ئەکتەر و سیناریۆم بۆ ئامادە کرد و کردی بەکلیپ. بەهەرحاڵ پاش ماوەیەك سەیرم کرد (موژدین) کەوتۆتە نێو حاڵەتێکی سۆزدارییەوە کە من بەهیچ شێوەیەك قبووڵم نەبوو. گەیشتە ئەو ئاستەی کە بێزاری کردم بەتەلەفۆن، ئیمێڵ. منیش زۆر بەهێمنانەو بەشێوەیەکی جوان تێمگەیاند کە من هیچ جۆرێك لەم مەبەستانەم نەبووە کە هاوکاریم کردیت، بەڵام دیارە هەر لەسەرەتاوە ئەو نیازێکی تری هەبووە ویستی ئاواتەکەی بهێنێتە دی. ئیتر ئەوەبوو موژدین کەوتە حاڵەتێکی تر ئەوەندەی تر بێزاری کردم هەتا پێوەندی بە دەرهێنەر کاك هەردی کردبوو داوای لێکردبوو کە قسەم لەگەڵ بکات بەڵکو دڵم نەرم بێت. منیش کاك هەردیم تێگەیاند کە ئەم کچە من بە تاوانبار نایزانم، بەڵکو کەوتۆتە حاڵەتێکی تایبەت کۆمەڵێك هەستی بۆدروست بووە بەرامبەر بەمن کە ئەوەش زۆر ئاساییە، بەڵام من هیچ ئارەزووم نییە. دواتر وەکو تۆڵەسندنەوەیەك موژدین هەستا منی کرد بەخاوەنی ئەم تێکستە و چەند کێشەیەکی بۆ من دروست کرد. خۆ ئەگەر موژدین ناوی ڕێدار سابیری لەبیر نەبووبێت، دەیتوانی لەڕێگەی ئیمێڵ لێم بپرسێت بەر لەوەی هیچ کلیپ و نمایشێکی تەلەڤزیۆنی بکات.

*** بەڵام کاك ڕێدار دەڵێ حەقی من خوراوە؟**

- دواتر کاك ڕێدار هەستا بە هەرەشەکردن لە من گوایە من غەدرم لێیکردووە. من ڕێزم لە تێکستی ئەو گرت و کردم بەگۆرانی بۆخۆم و ئاوازێکی جوانم بۆدانا. بەڵام گوناهی من چییە ئەگەر موژدین سوود لەهونەری پاك وەردەگرێت و حەقی تێکست نووس دەخوات. پێدەچێت زۆر باس لەم بابەتە کرابێت لە میدیاکان، من تا ئێستا بڕیارم نەدابوو قسەیەك بکەم لەسەری، بەڵام دەبینم ئێستا قسە دروست کراوە. کۆمەڵێك قسە بەناوی منەوە کراوە. ئینجا بڕیارم دا کە ڕاستییەکان ڕوون بکەمەوە.

*** گوایە تۆو هونەرمەند ئەردەلان بەکر پێوەندیتان نەبوو، بەڵام کاتێك ئەردەلان نەخۆش کەوت ئاشت بوونەوە، ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

- بەڵێ زۆر ڕاست بوو ئێستا ویژدانم ئاسودەیە کە چووم بۆلای سەردانم کرد و کۆمەڵێك قسەی خۆش و یادەوەری جارانمان گێڕایەوە. هەزار ڕەحمەت لەگیانی پاکی ئەردەلان، هەرچەندە بە جەستە لەنێومان نییە، بەڵام هەمیشە لەگەڵمان دایە لەژیانی ڕۆژانەی خۆشەویستەکانی ئاگاردارە. بۆیە پێی دەڵێم ئارام و دڵ خۆش بە، چونکە هەموو خەڵك بیری قسە خۆشەکانت دەکات.

*** گۆرانییەکت ئامادە کرد لەسەر خۆسووتاندنی ئافرەت، ئەم گۆرانییە دووجار کلیپی بۆکرا هۆکارەکەی چی بوو؟**

- چونکە بنەماڵەی کچە ئەکتەری کلیپەکە هەرەشەیان لە من و ئەو کرد کە ئەوان بە هیچ شێوەیەك قبوڵیان نییە کچەکەیان لە تەلەفزیۆن دەربچێت، کێشەکە ئەوەبوو کە لە سەرەتا کۆمەڵێك لە ئەندامانی بنەماڵەکە ڕازی بوون پێیان ئاسایی بوو، بەڵام پاشان هەندێکی تریان نارەزای بوون، چونکە دەیانوت ئەگەر بێتو کچەکەمان لە تیڤییەکان دەربچێت، ئەوا سەری دەبڕین، پرۆژەکەی منیش دژی توندوتیژی ئافرەت بوو کەچی ڕەنگە ببامە هۆکارێك بۆ لەناو بردنی ئەم ئافرەتە، بۆیە بڕیارمدا دووبارە شتێکی تازە بکەمەوە لەگەڵ ستافێکی نوێ.

*** تاچەند ڕاستە جەنابت بایکۆتی کوردسات کرد گوایە چیتر گۆرانییەکانت دانەبەزێنن، هۆی بڵاوبوونەوەی کلیپێکت چی بوو؟**

- ڕاستە زۆر دڵگران بووم کە لە کوردسات کلیپی (مەیسووتێنە) ڕەتکرایەوە گوایە ئەمە لە خانەی هونەر نییە و کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە، منیش چونکە ئەوەندە هیلاك ببووم بە دەست ئەم گۆرانییە و کلیپەکەی زۆر تەئیسری لێکردم کە لە کوردسات بەمشێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ کردم، بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون لە دابەزاندنی گۆرانییەکانم و داوای لێبوردنیان کرد. منیش دڵم زۆر گەورەترە لەوە و ئێستا ئەم کێشەیە نەماوە.

***لەگەڵ ( ئاوامێدیکا) گرێبەستت کردووە، بەنیاز نیت هەر بەردەوام لەکوردستان بمێنی دوای گرێبەستەکەشت؟**

-من لە مانگی (دە)وە گرێبەستم کردووە وەك بەرپرسی بەرهەمەکان واتە "Product Manager" و زۆر مورتاحم لێرە، چونکە شوێنەکە زۆر گونجاوە و دەتوانم ئەو ئەزموونەی لە سوید بە دەستمهێناوە لێرە پەیڕەوی بکەم، پرۆفیسۆر بارام ڕەسوڵ دوای 32 ساڵ لە سویدە، بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەرچوار پارچەی کوردستان ئەم کارگەیەی دروستکردنی دەرمانی دامەزراندووە، بەڕاستی جێگەی فەخرە.

*** ڕەوشی کوردستان چۆن دەبینی بەتایبەت لە ڕووی تەندروستی دەرمانەوە؟**

- کارەساتە، من هیچ نالێم، بەڵام خۆتان شەوێك بچن بۆ یەکێك لە نەخۆشخانەکان و خۆتان سەیر کەن ڕەوشەکە چۆنە.

***دەکرێت بزانین بۆچی تاکو ئێستا بڵند ژیانی هاوسەری پێکنەهێناوە؟**

- بە قورسترین و گەورەترین هەنگاوی پرۆژەکانی ژیانی دەزانم، بۆیە دەبێ زۆر بەووردی و وریاییەوە دۆستی ژیانم هەڵبژێرم

*** بۆچی بەردەوام بڵند بەبێ قژ دەبینرێت؟**

- من لە سەرەتاوە ئاوا بووم بەو شێوەیە و سەلیقەیە دەرکەوتم و خەڵك من ناسی، بۆیە هەر وا دەبێ بەردەوام بم.



## ناسر ڕەزازی:

# دڵنیایە بەرهەمەکانی



**ناسری ڕەزازی هونەرمەندێکی ناسراوی کوردستانە و خاوەنی شێوازێکی تایبەتی دەنگی خۆیەتی و دەیان ساڵە خەڵکێکی زۆر گوێ لەدەنگی دەگرن. لە چاوپێکەوتنێکدا هونەرمەند ناسری رەزازی بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری (گوڵان)ی دایەوە.**

***

*** تا چەند گرنگە هونەرمەند هەموو ساڵێ بەرهەمی تازەی هەبێ؟**

-هەندێ شت مەرج نییە و پێویست نییە هەموو ساڵێ بەرهەمی تازەت هەبێ، گرنگ ئەوەیە ئەو بەرهەمەی کە بڵاوی دەکەیتەوە چی بێ. بە ڕای من ئەگەر هەموو ڕۆژێکیش گۆرانییەك و دوو گۆرانی تۆمار بکەیت و بڵاوبکەیەوە تاوان نییە و مافی خۆتە، بەڵام ئاخۆ ئەو بەرهەمانە دەچنە ناو دڵی خەڵك؟ هەر مرۆڤێك لە کاتی خۆیدا و لە سەردەمی خۆیدا دەتوانێ یان توانیویەتی بەرهەمێکی زۆر بخوڵقێنی و بڵاوی بکاتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەکەڵك بێن، کاتی خۆی هەر کام لەو گۆرانیبێژانە، بۆ نموونە حەسەن زیرەك، محەممەدی ماملێ، مەزهەری خالقی و هیدیکە ڕۆژانە چەند گۆرانییان تۆمار کردووە، بەڵام مرۆڤیش هەر ئەوەندی پێیە کە ڕۆژێك دێتە کۆتایی و ئیتر هیچی پێ نامێنێ. من ئاگادارم حەسەن زیرەك لە رادیۆی کرماشان ڕۆژ هەبووە چوار پێنج گۆرانیی تۆمار کردووە، بەڵام کە تەمەن چووە سەرێ ئیتر لەگەڵ تەمەنیش هەموو ئەندامەکانی لەشیش پیر دەبێ بە گەروویشەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانە گرنگ ئەوەیە ئەو بەرهەمەی کە بڵاوی دەکەیتەوە پوخت و پاراو بێ.

*** ئەو ئافرەتانەی هاتوونەتە ناو بواری گۆرانی کوردی توانیویانە ڕێگەی ئایشەشان و مریەم خان بگرن یان جێگایان پڕ بکەنەوە؟**

- ئەو سەردەمەی کە ئایشەشان و مریەم خانی تێدا دەژیان سەردەمێکی دیکە بوو، لە دنیای ئینتەرنێت و سەتەلایتدا قەت قەت دوو کەسی دیکەی وامان تێدا هەڵناکەون ئەگەریش هەڵکەون، جیاوازییان زۆر دەبێت. ئەو ژنانەی کە ئەمڕۆ هاتوونەتە ناو گۆڕەپانی گۆرانی کوردی کەسێکی وایان تێدا نابینم کە ئەو رەسەنایەتیەی جارانیان لە گۆرانییەکانیاندا لەبەرچاو گرتبێت یا پاراستبێت. ئایشەشان و مریەم خانیش گۆرانیی فۆلکلۆریان وتۆتەوە و هیچی دیکە، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە، لەو سەردەمەدا گۆرانیی بڵێن. ئەم ژنانەی ئەمڕۆ، هەر ئەوەندە کە توانیویانە گۆرانیی بڵێن بۆ خۆی کارێکی بوێرانەیە و جێگەی ڕێزە.

*** هیچ لە گۆرانییەکانت لەلایەن هونەرمەندە گەنجەکانەوە وتراوەتەوە؟ ئەگەر وتراوەتەوە توانیویانە سەرکەوتووانە بیڵێنەوە؟**

-بەڵێ وتراون و زۆرن ئەو گۆرانیبێژانەی کە گۆرانی منیان وتۆتەوە، سەرکەوتون،

# مەرزیەی سەرکەوتوانە وتووەتەوە

منیش بـۆ خۆم گۆرانیی گۆرانیبێژانی بەر لە خۆمـم وتۆتەوە تا توانیومە ڕێگەی خۆم ببینمەوە، ئەوە کارێکی ئاساییە و دەبێ واش بێ، بـەڵام هەتا کۆتایی هیچ گۆرانیبێژێك ناتوانێ هەر لاسایی بکاتەوە و خۆی بەرهەم نەخولقێنێ.

*** مردنی خاتـوو مەرزیە تاچەند کاری کردە سەر گۆرانییەکانت؟**

- دەکـرێ کۆچی دوایی ژنێك کە سـێ منداڵـت لێی هەبێ و(٣٠) سـاڵ لەگەڵی ژیابـی و دنیایەك یـادگاری و بیرەوەریت لەگەڵی هەبێ، لەبیر بکـرێ و کار نەکاتە سەر بەرهەمەکانت؟

*** خاتـوو دڵنیـا ڕەزازی گۆرانییەکانی خانمی کۆچکـردوو مەرزیەخـان دەڵێتەوە، بەڕای تۆ تا چەند سـەرکەوتوو بوو؟ ئاخۆ بەنیاز نییە بەرهەمی تازە تۆمار بکا؟**

- بە رای من زۆر سـەرکەوتوو بوو، بەڵام بەرهەمەکان بەپێز نەبوون، بۆ بەرهەمی تازەش جارێ بڕوا ناکەم.

***خۆشـترین بیرەوەریـت چیـە لەکاتی پێشمەرگایەتی؟**

- بیرەوەری زۆرن و پێشمەرگایەتی بۆخۆی وانەگەی فێرکردن و باوەڕهێنان بوو بیرەوەری (مام برایم)ی واوان لەساڵی ١٩٨٣ کەهەموو پارت و ڕێکخراوە کوردییـەکان ناوەندییەکان هاتبوونـە چیای ئـالان لەوێـدا دەژیاین، دوژمن هێرشـی هێناسـەر چیای ئالان و تەنگی بەهەمـووان هەڵچنی و ناچاربووین بەشـەڕ بپەڕینەوە بۆ ئەوبەری چیای ئالان، کە دەبووە بەشی دیکەی کوردستانی عێراق، شوێنەکەشـمان دۆڵی (سـەقزو زەروون) بوو، بارودۆخمان زۆرناخۆش بوو، بەتەلیسـی پڕ لە خـۆڵ دیوارمان هەڵچنیبـوو نایلۆنمان بەسەرداکێشابوو لە دوورتریشەوە بەتەختەو بە نایلۆن گەرم شۆرمان دروست کردبوو، ڕۆژێك کۆمەڵێك پێشمەرگە راوەستابووین دەمانویست گەرم شـۆر بکەین، مام برایمش نازانم شەو شەیتانی پێکەنیبوو یان هەر دەیویست گەرم شۆر بکات، بوخچەیەکەی جلی دابووە بندەستی و لەدوورەوە بێ ئەوەی گوێ بەو راوەسـتانە بدا، خۆی کـرد بەژووردا کاك (سـابیری محەمەدی) سەرپەرشـتی ریزەکەی دەکرد. هەرکـە دیتی مام برایم خۆی کرد بەژووردا، وتی «ئۆهۆی مـام برایم، بۆکوی؟ نابینی ئەمانە بەریز راوەسـتاون گەرم شـۆر بکەن، چییە لەدوورەوە بێ پرس خۆتی پێدادەکەی؟!

مام برایمیش بەسووکی گەڕایەوە و وتی» دە دەخۆت هەڵدە من گەرم شـۆر ناکـەم، مەلـەی دەکەم مەلە.



**دەکرێ کۆچی دوایی ژنێك کە سێ منداڵت لێی هەبێ و(٣٠) ساڵ لەگەڵی ژیابی و دنیایەك یادگاری و بیرەوەریت لەگەڵی هەبێ، لەبیر بکرێ و کار نەکاتە سەر بەرهەمەکانت؟**

***سرووشت تا چەند کاریگەریی هەبووە لە سەر گۆرانییەکانت؟**

-هیچ مرۆڤێك شـك نابەم کە حەزی بە سرووشـت نەبێ و ئەو خۆرسـکە کاری تێ نەکردبێ، بەشێك لە گۆرانییەکانی من لەژێر کاریگەریـی خۆزا (سروشـت)دان و هەر لە منداڵییەوە هەتا ئێستا هەمیشە حەزم کردووە لەناو باخێکدا بژیم و خەریکی کشتوکاڵ بم و سرووشت لەلام باشترین شوێنە.

*** ژیانی ڕۆژانەت چۆن دەبێتە سەر؟**

- من لـە دوو لا دەژیم و ژیان بە سـەر دەبەم، لە کوردسـتان زۆرتر بە کاری باخ و مۆسیقا و کاری ماڵەوە خەریکم، لە دەرەوەی وڵاتیش بێـکارم و زۆرتر لە ماڵەوە خەریکی نووسـینم و بەکاری هونەرییەوە سـەرقاڵم. دەتوانـم بڵێم لە هـەر دوولا زیاتر خەریکی نووسین و خوێندنەوەم.

*** بۆچی ئێسـتا لە ڕاگەیاندنەکاندا کەم دەردەکەویت؟**

- سەرئێشـە و کێشـەی زۆرە، بۆیە کەم دەردەکەوم، لەلای ئێمە ڕەخنەگرتن هێشـتا جێی نەکەوتووە و ئەگەر ڕەخنە لە گۆرانیبێژ یـان ژەنیارێـك بگری، بە جنێـو و کاری ناڕەوای دادەنێن، لە کاتێکدا ڕەخنە سازێنەرە نەك تێکدەر، ئەگەر ڕەخنە لە گۆڕێدا نەبێ هیچ کارێك پێش ناکەوێ.

*** لەگەڵ هونەرمەند ئیبراهیم تاتڵیساس هاوڕێیەتیت چۆنە؟**

- کاتێ خۆی لە سـوید سـاڵی ١٩٨٧ لە ئاهەنگێکدا دیومـە ئەویش لە دوورەوە، سـاڵی ١٩٩٩ لە ئەڵمانیا دیسـان هەر لە دوورەوە بینیم، بەڵام پـار لە هەولێر دووجار بەهـۆی (کاك دارا بـەگ)ەوە کە لەگەڵ کۆمپانیای (عـادل المتحدە) کاری دەکرد، چاوم پێکەوت و پێکەوە گۆرانیمان وت، بەڵام برایم لەبەر ئەوەی کـە دەوڵەمەندە کەپووی بەرزە و ئێسـتا زۆرتر بیـر لە پارە دەکاتەوە، مافی خۆشـیەتی، چونکە ئـەو خزمەتی مۆسیقای داگیرکەری کردووە و ئێستاش لە کوردستان خزمەت دەکرێ، لە کاتێکدا ئێمە چەندین گۆرانیبێژمـان هەیە کە خزمەتی مۆسـیقای نەتەوەکـەی خۆیان کـردووە، بەڵام دەسـەڵات ئاوڕیان لێناداتەوە، چونکە بەرانبەر داگیرکەران و دوژمنانی کوردستان هەڵوێسـتیان هەبوو و خەباتیان کرد، کەچی گۆرانیبێژی بێگانـە ئەمڕۆ بەرهەمی ئەو خەباتە دەخوا. پارەش بتەوێ و نەتەوێ زۆر نهێنی کەسی داپۆشیوە، من لەگەڵ ئیبراهیم تاتڵیسـاس نە هاوڕێم نە برادەر، ئەو دەزانێ ئەمـڕۆ گۆرانیی کوردیی پـارەی تێدایە هاتۆتە مەیدان، دەنـا ئەوکاتەی کە گرمە لە چیاکانی کوردسـتان بەرز بوو، ئەمانە بە وشەی تورکی گوێی منداڵی کوردیان گۆش دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ ئاوەهایە!

## شەهدا: ماف بە شەو و ڕۆژێک وەرناگیرێ

سوپەر ستاری سوری شـــەهدا برمدا خەریكی بڵاوكردنەوەی بەرهەمێكی نوێیە، لەم بارەیەوە شـــەهدا لە دیمانەیەكیدا لەگەڵ رۆژنامەی (جریدە)ی كوێتی وتی: لە ســـوپەر ســـتاردا مافی تـــەواوی خۆم وەرگـــرت و ئەلبوومی یەكەمم ســـەركەوتنێكی بەرچاوی بەدەســـتهێنا، بەڵام زۆری هونەرمەند و دەنگی خۆش گرفتێكـــی گەورەیە بۆیە من ماوەیەك دووركەوتمەوە بۆ ئەوەی شـــتێك پێشـــكەش بكەم كە جیاواز و ســـەركەوتوو بێت، شەهدا هەروەها دەڵێ: بەشـــداری كردنم لـــە كۆمپانیایەكی هونەریدا وایكردووە بەســـەر زۆر لە گرفتـــەكان رزگارم بێت، بۆیە خۆم بە بەختەوەر دەزانم، بەڵام ســـەرەڕای ئەمانەش من مافی خۆم بە ئاسانی وەرنەگرتووە، چونكە ماف بە شەو و رۆژێك وەرناگیرێ.



## دڵشاد محەمەد سەعید خۆی بۆ كۆنسێرتی سویسرا ئامادە دەكات

مۆســـیقاری گەورەی كورد لە لێدوانێكی تایبەت بە گۆڤاری گـــوڵان رایگەیانـــد كەوا ئێســـتا خەریكی بەشـــداری كردنە لە كۆنســـێرتێكی مۆســـیقی گەورە لە سویســـرا لەگەڵ یەكێك لە مۆسیقارە بەناوبانگەكانی ئەو وڵاتە.

دڵشـــاد محەمەد ســـەعید هەروەها رایگەیاند ئەم كۆنســـێرتە تێكەڵەیـــەك دەبێت لە مۆســـیقای كوردی و سویســـری واتە من چەند پارچە مۆســـیقایەكی كوردی و ئەویش چەند مۆسیقایەكی سویسری پێشكەش دەكات و ئەمەش یەكەم جار نییە كارێكی لەم جۆرە ئەنجام دەدەم.

## هونەرمەند ئیبراهیم حەكیم: كارۆخ وەكو من عینادە

لـــە لێدوانێكی تایبەت بە گۆڤاری گوڵان هونەرمەندی گەورە ئیبراهیم حەكیم وتی: دوای ئەوەی چەندین جار ســـەردانی دەرەوەی وڵاتم كرد بۆ چارەســـەر كردن، ســـوپاس بۆ خوا ئێســـتا تەندروســـتیم زۆر باشە و بەرەو باشـــتر دەچێت، هەرچەندە نەخۆشییەكەم كاریگەرییەكی زۆری هەبووە لەسەر ئەوەی كە ماوەیەك دابڕێم لە كاری هونەری، بەڵام كۆڵ نادەم، چونكە بڕوام بەوە هەیە هونەرمەند چەند پیر ببێت لەناو هونەر هەر گەنجە، بۆیە ئێمە هەر گەنجین ئەگەر كاری باش هەبێت چ لە شانۆ چ لە دراما من لە خزمەتی هونەری كوردی و میللەتی كوردم و بەبێ بەرامبەر كار دەكەم.

دەربـــارەی كارۆخ ئیبراهیمی كوڕی كە یەكێكە لە شـــانۆكارە لاوە بە تواناكان وتی: كارۆخ بەو تەمەنە بچووكەی خۆی و بە شـــایەدی هەموو لایەك توانیویەتی ئەكتیڤانە رێچكەیەك بۆ خۆی دروســـت بـــكات بۆ خزمەتكردنی هونەری كوردی بەشـــێوەیەكی ئەكادیمی، هەرچەندە هەست دەكەم كەسانێك هەن دەیانەوێ ئاستەنگ لەبەردەمی دروست بكەن. دەربارەی لایەنە هاوبەشەكانی نێوان خۆی و كارۆخ دەڵێ: كارۆخ وەكو من هەندێك جار عینادە و هەر شتێكی بیەوێ دەیكات ئەگەر باجەكەشی قورس بێت.





## عەتری ریهانا بە ٤٩ دۆلارە

کچە گۆرانیبێژی پۆپ ریهانا یەکەم بۆنی تایبەتی خۆی بە ناوی <Reb>l Fleur> بڵاوکردەوە، بەمەش ریهانا چووە ریزی ئەو هونەرمەند و گۆرانیبێژانەی کە خاوەن بۆنی تایبەت بە خۆیانن.

لەم بارەیەوە ریهانا دەربارەی هەڵبژاردنی ئەم ناوە بە ویب سایتی (پیپۆل)ی ئەمریکی راگەیاند و وتی: داپیرم خەڵکی باربادۆسە و هەمیشە بە گوڵی ریبۆل بانگی دەکردم، منیش ماوەی چەند ساڵێکە ئەم بۆنانە تێکەڵ دەکەم بۆ ئەوەی بۆنێکی تایبەت بە خۆم هەڵبژێرم و بڵاوی بکەمەوە و حەزم کرد شتێکی بەتام بێت بۆ خەڵك و بە ئاسانی لەیادی نەکەن.

بڕیار وایە لە مانگی داهاتوودا ئەم بۆنە بڵاوبکرێتەوە و نرخیشی تەنیا ٤٩ دۆلاری ئەمریکییە.



## لێندسی لۆهان هاندەری تیپی نیویۆرک نیکسە

سەرەڕای کێشە و گرفتە زۆر و بەردەوامەکانی ئەکتەری ئەمریکی لێندسی لۆهان ئامادەی یارییەکی سەبەتەی نێوان هەردوو تیپی نیویۆرك نیکس و لۆس ئەنجلۆس کە لە بۆس ئەنجلۆس ئەنجامدرا.

لۆهان کە ماوەیەك بەر لە ئێستا رووبەڕووی دادگاکان ببۆوە هاندەرێکی سەرسەختی تیپی نیویۆرك نیکسە بۆیە کڵاوێکی زەردی لەسەر نابوو کە دروشمی تیپی ناوبراوی لەسەر نەخشێنرا بوو.



# عەدنان کەریم لە تەرازووی هەڵسەنگاندندا

عەدنان کەریـــم ناوێکی دیاری نێو گۆڕەپانی هونەری کوردییە، یەکێکە لەوانـــەی کە خۆی لە قەرەی کاری هونەری زۆر بەرز دەدات و لە ڕێگەی ئەو کارانەوە دوو چامەکەی نالی و سالم و سەردەمی زێڕینی بابانمان بۆ زیندوو دەکاتـــەوە تا دەگاتە بە خاڵە تاهیـــر تۆفیق، بۆ ئـــەم ژمارەیە بە پێویستمان زانی ڕاو سەرنجی چەند کەسێکی شارەزا وەربگرین بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بابەتی هەڵسەنگاندنی خۆیان بـــۆ کارەکانـــی هونەرمەند عەدنان کەریم پێشکەش بە خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان بکەن.

ئا:ڕۆشنە



**عەدنان کەریم سەرکەوتووانە کارەکانی کردووە**

سەرەتا مۆسیقار دڵشاد محەمەد سەعید دەربارەی هونەرمەند عەدنان کەریم دەڵێ: ئەوەی من هەســـتم پێ کردبێت هونەرمەند عەدنان هەر لە سەرەتای دەســـتپێکردنی کاری هونەری و هاتنە نێو جیهانی گۆرانی و مۆســـیقای کوردی هەوڵیداوە شـــتێکی نـــوێ لە هونەری کوردیـــدا بهێنێتە ئاراوە، کە دەڵێم شتی نوێ مەبەســـتم ئەوەیە شتێك کە شوێن پەنجەی خۆی پێوە دیار بێت و بەڕای من تا ڕاددەیەکی زۆریش لەم کارەیدا ســـەرکەوتوو بووە و ئەو کارانەی تا ئێستا ئەنجامیداون گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن و لە دڵەوە هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیی بۆ دەخوازم.

**عەدنان کەریم گۆرانیبێژێکی شارەزایە لەمەقامدا**

هونەرمەندی گەورە ناسر ڕەزازی دەڵێت: عەدنان کەریم گۆرانیبێژێکی باشە و لە مەقاماتدا شـــارەزایە و پیاوێکی بەڕێـــزە، بەڵام گرفتی گەورەی ئێمە ئەوەیە: لە کاری موزیك و گۆرانیی کوردیدا، هەڵســـەنگێنەر و نرخێنەرمان نییـــە، فیلتەر و لیژنەمان نییە، پاشـــاگەردانییە و هەر کەس بۆ خۆیەتی. ئەو بەرهەمانەی کـــە عەدنان کەریم لەگەڵ کامکارەکاندا تۆماری کردوون، ئەمەی دواییان زۆرتر لە فارسییەوە نزیکە تا کوردی، پاشان من ئەو کارانە بە خۆماڵـــی نازانم زۆرتر بازاڕین. ئەگەر چوار ژەنیـــار و دوو گۆرانیبێژ دانیشـــن و ئەو بەرهەمە هەڵسەنگێنن درۆم نەکردووە کە: بەرهەمی پێشووتر لەم بەرهەمە باشـــتر بوو. ئێمە لە کوردســـتان میوزیك ژەنی باشـــمان هەیە پێویست ناکات بچینە تورکیاو ئیران بۆ میوزیك ژەن.

**عەدنان کەریم دەکەوێتە قاڵبی قوتابخانەی گۆرانی کوردی**

هونەرمەنـــد چەتۆ نەورۆز شـــارەزا لەبواری میوزیـــك دەڵێت: عدنان کەریم خزمەتێکی بەرچاوی هونەری کوردی کردووە، توانیویەتی ئەو فۆلکلۆرە کوردیە بپارێزێت و بەشێوەیەکی زۆر جوان تازەیان بکاتەوە، هەروەها ئامێرە کوردییەکان لەنێـــو بەرهەمەکانی بەکاربهێنێت، بەتایبەت لەنێو ئەو بەرهەمانەی کە لەگەڵ کامگاران ئەنجامیدا توانیویەتـــی مۆرکی نەتەوەی کورد بپارێزێت و دوور بێت لە مۆســـیقای دەرەوە، هەروەها لە هەڵبژاردنی ئاواز و تێکســـت زۆر شارەزایە. بۆیە دەتوانین بڵێین عەدنان کەریـــم دەکەوێتـــە قاڵبـــی قوتابخانەی گۆرانـــی کوردی، چونکـــە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی مۆرکی کوردایەتیان پێوە دیارە.

**ئەو هونەرمەندە لەسەرەتاوە سوودی لەئاوازی رەسەنی کوردی بینیووە**

هونەرمەنـــد وریا ئەحمەدیـــش دەربارەی عەدنـــان کەریـــم دەڵێ: عەدنانـــم کەریم خزمەتێکی بێوێنەی پێشکەش بە هونەری کـــوردی کـــردووە، لەبەر ئـــەوەی ئاوازی کـــوردی بەکارهێناوە، بـــۆ نموونە گۆرانی (چەهچەهی بولبـــوول) کاتێك وتویەتیەوە لە کۆتاییەوە مەقامەکەی "تاهیر تۆفیقی" لەگـــەڵ تێکەڵ کـــردووە هەروەها چەندین گۆرانی تر. واتا ئەو هونەرمەندە لەسەرەتاوە سوودی لەئاوازی ڕەسەنی کوردی بینیووە. گەر سەیر بکەی عەدنان کەریم لەچ ئاستێك دایە کە هونەرمەندەکانی تریش ئاوازی عەرەبی و تورکـــی بەکاردەهێنن لەچ ئاســـتێکدان. هونەرمەندە کۆنەکان وەك حەســـەن زیرەك و مەزهەریی خالقی ئەوانە بەقوتابخانەی هونەری کـــوردی دانـــراون ئەوانەی دوای ئەوانیش کە گۆرانیەکانیان دەڵێنەوەو ســـوود لە









میوزیکی ڕەسەنی کوردی وەردەگرن و دەبنە قوتابخانە.

وریا ئەحمەد لەبارەی تێکستەکانی هونەرمەند عەدنان کەریم وتی: لەڕووی تێکست و زیاتر کلاسیك بەکاردەهێنێت، بەڵام کاتێك هی تازەش بەکار دێنێت دەزانێت چی دەڵێت. وەك(بتهۆڤن) کە بە خوای میوزیك ناو دەبرێت و دەڵێت "گۆرانیبێژی زیرەك ئەو گۆرانی بێژەیە کە بتوانێت تێکستی کلاسیکی نوێ هەڵبژێرێت بۆ گۆرانی، چونکە بەهۆی تێکستەکەیی ئاوازەکەی دەگاتە ئەو ئامانجەی کە هەیەتی.

## عەدنان کەریم زۆر وەستایانە تێکستە کلاسیکییەکان هەڵدەبژێرێت

لە بارەی تێکستەکانی هونەرمەند عەدنان کەریم، شاعیر و تێکستنووس سامی ئەرگوشی وتی "هونەرمەند عەدنان کەریم لە هەموو لایەنەکانی گۆرانییەوە (دەنگ، وتن، ئاواز و هۆنراوە) تایبەتمەندی بەرچاوی هەیە، بەڵام هەڵبژاردنی هۆنراوەکانی یەکێك لەهەرە جوانترین، ناسکترین، دیارترین و بەرچاوترین تایبەتمەندیەکانییەتی. ئەو زۆر وەستایانە و لێزانانە هۆنراوە کلاسیکییەکان هەڵدەبژێرێت و بەشێوەیەك ئاوازیان بەبەردا دەکات و دەیانکاتە گۆرانی، کە پێموایە نە پێشتر کەس کردوویەتی نە لەمەو دواش کەسێکی دیکە بەو لێهاتوویی وەستایی و لێزانییەوە بتوانێت ئەو کلاسیکانە بکاتە گۆرانی بەجۆش و خرۆش. ئەم تێکستە کلاسیکانەکە بەوپەڕی جوانی و ناسکی و ڕەوانبێژییەوە نووسراون تا ئەو پەڕی و زۆر ئاشقانەو ڕۆمانسیانە دەربڕی هەست و سۆزوحەز و خۆزگە پەنهانییەکانی ناخی ئاشقە مەزنەکانن و وێنە تابلۆی بێسنوور سۆفیانەی تیادایە، تا ئێستا تەنیا عەدنان کەریم توانیویەتی ئەو دوڕ و گەوهەرانە لە تاریکی بیرچوونەوەی ئەم ڕۆژگارە جەنجاڵە بێنێتە دەرەوە و بە دەنگ و ئاوازە خۆشەکانی بیانکات بە بەسۆزترین گۆرانی بەگوێی ئێمەدا. هەندێ شت هەن دووبارە نابنەوە، ئەو کارەی ئەو کردوویەتی، پێموانییە کەسێکی دیکە بتوانێت وەك ئەو بیکات، ئەم شێوازەی عەدنان کەریم هەیەتی دووبارە نابێتەوە! ئەو دێت و هۆنراوەیەکی کلاسیك کە بە هیچ پێوەرێك بۆ گۆرانی ناشێت لە کۆنەوە بۆ گۆرانی نەنووسراوە، دەکاتە جوانترین گۆرانی. هەڵبەتە ئەم هونەرە بە هەموو کەسێك ناکرێت، هەر ئەمەش نهێنی سەرکەوتن و پایە بەرزی عەدنان کەریمە لە جیهانی گۆرانی وتن دا.

## ستایلەکانی عەدنان کەریم سەرنجڕاکێشە لای خەڵك

ڕۆژنامەنووس لەبواری هونەری عبدولغەفار عەبدوڵڵا دەڵێت: عەدنان کەریم خاوەن سەلیقەیەکی جوانە لە کارە هونەرییەکانیدا. گەر هەڵە نەبم نزیکەی 25 ساڵە ساڵ بەساڵ هەوڵیداوە کارێکی جوان بکات، هەروەها ئەو ستایلەی زۆرجوانە و سەرنجڕاکێشە لەلایەن خەڵکی کوردستان. جگە لەوانەش عەدنان کەریم لەڕووی مۆسیقاو دەنگەوە زۆر باشە کە لەکۆنسێرتەکان ئەم ڕاستییە بەدیار دەکەوێت.

## عەدنان کەریم لەڕووی هونەرییەوە لە لوتکەدایە

کاروان زامداری مونتێر یەکێکە لەو کەسانەی کە زۆر شەیدای دەنگی عەدنان کەریمە، ئەویش وتی" کەسایەتییەك وەك عەدنان کەریم زەحمەتە بە چەند دێرێك باسی بکەم، ئەگەر بڵێم هونەرێکی سەرکەتووە هێشتا کەمە، چونکە لە لوتکەی بەرزترین چیاکانە لە جیهان تا بڵێی دەنگی چێژێکی تایبەتیت پێی دەدات و لەگەڵ هۆنراوە و موزیك دەتباتە دنیایەك کە پڕ لە هەست و جوانی و پاکی هونەری ڕەسەنی کوردیە. موزیکی کوردی لەلای ئەم هونەرمەند نەدۆڕاوە و بەردەوام هەوڵی بۆ دەدات بە کوردایەتی خۆی بمێنێت، ئەوەش لەوە ڕەنگ دەداتەوە کە کەسایەتی خۆی نەدۆڕاندوە و ملکەچ نەبووە بۆ هەر شتێك کە هونەرەکەی لەناو ببات و ببێتە گیرۆدەی کەسێك یان کەسانێك. هونەر ناکات بۆ گیرفان پڕکردنەوە، بەڵکو هونەر دەبەخشێت بە هونەر کە ئەوەش جوانترین سیفاتی هونەرمەندە.

## ڕێژەیەکی زۆر سیدی ئۆرگیناڵ فرۆشرا

سیروان قادر کەیم لەناوەندی ئارۆ دەڵێت: من ماوەیەکە بەرهەمی هونەرمەندان چاپ دەکەم، عەدنان کەریم یەکێك بوو لەهونەرمەندانەی کە ئەلبومەکەی لەهەموویان زیاتر فرۆشرا. ئەوەی ئاگادار بووین بەشێوەیەکی زۆر کۆپیش کرا، بەڵام ڕێژەیەکی زۆر لەسیدی ئۆرگیناڵ فرۆشرا.